نامەی نێوان ئەدیبان سەباح رەنجدەر



بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن .....

چەن دەکرێ ئاین ببێتە هۆی تۆندوتیژی … گاری گۆتینگ … لە ئینگلیزییەوە: نەبەز سەمەد

دوا قوربانی قەشەیەکی فەڕەنسی بوو، کە لە کڵێساکەی خۆیدا کوژرا، بکوژەکان لەکاتی کوشتنەکەدا هاواری "اللە اکبر"یان دەکرد! دوای ئەم هەرشانە، هێبەرانی موسڵمان ئەم دنیایە دەکەنەوە کە، وەک تاریق ڕەمەزان دوای کەمەکوژییەکی پاریس گوتی، بکوژەکان "خیانەت لە ئاینەکەمان دەکەن." دوای کوشتنەکانی بەکسل، زانکۆی ئێلئەزهەر ڕاگەیاندراوەکی بڵاوکردەوە، دەبڕێ "ئەو تاوانە خراپانە پشێلی فەرکارییە لێبوردەییەکانی ئیسلام دەکەن." هەمان وشەممان دوای هەرشەکانی ئێرلاندە و نیس بیست. دەگەڕێ ئەو گروپە دەمارگیرانە کە ئەو شتە خراپانە دەکەن، ئەوان نامۆن بە کرێکی ئاشتی و خۆشەویستیی ئیسلام. من لە هەکاری ئەو چۆشنە وشامانە تێدەگەم، بەڵام ئەوان پێوەندی نەوان ئاین و نالێبوردەیی و ئەو تۆندوتیژیانەی کە بەهۆی ئاینەوە دەنگۆ زۆر سادە دەکەنەوە.

هەردوو ئاینی ئیسلام و مەسیحی بانگشەی ئەوە دەکەن کە ئاینی وەحی و قسەی خوان، فەرکارییەکانیان هەقیقەتن و خوا خۆی بە ئەمەی

گواستنەوە و داوای کردووە هەموومان قبووڵی بکەین. ئیسلام و مەسیحی، هەر لە سەرەتاوە، ئایینی بانگخوازی بوون. ئاینێک بڕپرسیار بە لە هەنانی هەقیقەتی خوا بە جیهان، ئەوا هووبووی ئەو پرسیارە دەبێتەوە چەن مامۆستا لەگەڵ ئەو خەڵکانە دەکا کە تێدەکۆشن ئەو هەقیقەتی خوا قبووڵ بکەن. تاکو چ ئادێک ئەو ئاینە پەیوستە لەبوردە بە بڕانبەر هەموو ئایینی؟ لە چەند پنتێکی دیاریکراوی مەژووی خەیاندا، ئیسلام و مەسیحیەت بڕانبەر بە ئاینەکانی دیکە نالەبوردە بوونە، بەتایبەتی بڕانبەر بە یەکدی، تاکو ئادەی توندتیژی.

ئەمە نەشیاوی لە دەربازبوونە، بەڵام هاوکات ئەمە هەڵکەوت نییە. شیمانەی نالەبوردەیی لەنەو لەژیکی ئایینی وەک مەسیحی و ئیسلامدایە، ئاخر ئەوان دەڵێن کە فەرکاریەکانیان لە وەحییەکی ئاسمانی و خواوەندییەوە هاتووە. بە ئەوان، ئەو هەقیقەتەی کە خوا ناردوویەتی گرنگترین هەقیقەتە؛ لەبەر ئەوە هەتکردنەوە یان گومانکردن لەو هەقیقەتە خواییە زەر مەترسیدارە، بە هەردوو بەباوەڕان کە ئەو هەقیقەتە کرێکییان نییە و بە باوەڕدارانیش کە هەنگە بەهەی گومان و هەتکردنەوەکانی بەباوەڕانەوە بەهەدا ببردرێن. لەم جۆرە بیرکردنەوەیەوە، ئاسانە ئەو دەرنجامە بڕیتەوە کە تەنانەت هەنگاوی تووندەویش بە نەهەشتنی بەباوەڕی گەرەنتی کراوە.

هەنگە تە بەڵی کە بیرکردنەوەی مەئالیمان، پەیوستە دژایەتیمان بە بەباوەڕی سنووردار بکا. ئایا خەڵک مافی ئەوەیان نییە کە پەیەوی ویژدان و پەرستنی خەیان بکەن وەک ئەوەی کە خەیان پەیانوایە پەیوستە بیکەن؟ لەڕەدا ئەمە دەگەین بە کرۆکی کێشەکە لەگەڵ ئەوانەدا کە باوەیان بە ئایینی وەحی هەیە. ئەوان ناتوانن نە ستانداردە ئاساییەکانی مرۆڤ بە مەئالیەتی قبووڵ بکەن کە چەن ئەوان فەرکاریەکانی خوا ئاڤەدەکەن، نە دەتوانن مکووبن لەسەر ناکاریگەری سەرجەمی ئەوەی کە وەک وەحی خوا دەیبینن، تەنانەت کاتێک کە پێچەوانەی ستانداردە ئاساییەکانی مرۆڤیشە. ئەوانەی کە پەیەوی هەنگەی دووەم دەکەن سوورن لەسەر ئەوە کە هەقیقەتی خواوەندی لە سەروو تێگەیشتنی مرۆڤەوەیە، بەیە مرۆڤ هیچ پێگەیەکی نییە تاکو بیاری بەسەردا بدا. خوا شتەکان بە ئەمە دەنرێ و ئاشکرای دەکا بەتەواوی لەبەرئەوەی ئەو شتانە هەقیقەتن و ئەمە هەرگیز ناتوانین بەهەی هووناکی سروشتییەوە پێی بگەین. کاتێک خوا قسەدەکا، ئەمە تەنیا دەتوانین گوەایە بین.

بە ئەو کەسانەی کە هەنگری ئەو بیروباوەڕەن، بیرکردنەوەی

سەکیولارانە ڕۆگەی پەندراوە، تەنانەت داواکاری دەکەوتنی مەڵایش یان هەستی هاوبەشی پراکتیکی، ئەمانە وەک تاوانی ئایینی سەیریان دەکرێ و بیروباوەڕی هەڕەش ناشێ لێی ببوردرێ. مەسیحیەت خۆی مێژوویەکی درێژی لەگەڵ ئەو جۆرە نالێبوردەییانەدا هەیە، لەوانە چەوساندنەوەی جوولەکەکان، جەنگ دژی موسڵمانەکان، هەروەها شەڕی سی ساڵە، کە ململانێی ئایینییەکان و ناسیۆنالیستەکان بووە هۆی تێکشکاندنی ئەورووپا. ئەم تێکشکاندنە سەرەتا بزووتنەوەیەک بوو هەوڵو لێبوردەیی ئەو نەتەوانەی کە هەوێیان دەدا ئاینەکەیان بەسەر بگانەکاندا بسەپێنن. بەڵام بەرانبەر بە ناوخۆی خێیان نالێبوردبوون_ بە نموونە، بەرانبەر کاسۆلیکەکان، جوولەکەکان، پرۆتستانتەکان_ ئەم تەنانەت تاکو سەدەی نۆزدەیمیش بەدەکات. (شایەنی ئاماژە پێدانە کە لەو سەردەمدا موسڵمانەکان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە زۆر شەواز لە زۆر هەوەوە لە زۆر لە وڵاتە مەسیحییەکان لێبوردەتر بوون.) بەڵام لە کۆتاییدا، مەسیحییەت لە ڕۆگەی پرسیەکی ئاڵۆز و درێژخایەنی مێژووییەوە لێبوردەیی قبووکرد.

ڕەخنەکردنی مەسیحیەت لەلایەن فەیلەسوفان و هزرڤانانی ڕۆشنگەریەوە وەک ڤۆڵتێر، ڕەسۆ و هیوم زنجیرەیەک پرسیاری جدی لەسەر ئایینی مەسیحی هەنایەگەڵ، تەنانەت لە کۆتاییدا بووە هۆی ڕەتکردنەوەی ئاینیش. گەڵانی ئابووری و کۆمەڵایەتی_وەک ئابووری سەرمایەداری، داهێنانە تەکنەلۆژییەکان و بزووتنەوە سیاسییە دیموکراتییەکان_ بوونە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەو پایانەی کە ئایینی ترادیسیۆنی لەسەری وەستابوو.
دوا دەرەنجام بەاوبوونەوەی بیروباوەڕی لێبوردەیی ئاینی بوو لە ئەورووپا و ئەمریکا. ئەم بیروباوەڕە گەشەکردنکی ئۆتیکی پیشاندەدا، ئاخر هەقیقەتی ئاینی هیچی دیکە وەها گرنگ نەبوو کە ڕەتکردنەوەی ببێتە هۆی نالێبوردەیی. باوەڕ و پراکتیکە ئاینیەکان وەهایان لێهات کە تەنیا وەک دەربڕینکی کەسکی سەیربکرێن، نەک لەلایەن دەسەڵاتی دەوڵەتەوە بزڕێ بسەپێندرێ. بەهۆی ئەمەوە کاریگەری بەهای ئاینی باوەڕ نزمتر بووەوە لە بەهای ئاشتی لە کۆمەڵگەیەکی سێکولاردا. ئەمە، نزیکەی سەرجەم مەسیحییەکان لەگەڵ ئەم وەرچەرخانەدا کەکن، هەندێک تەنانەت دەڵێن کە ئەمە واتای ڕاستەقینەی بە ئاینەکەیان داوە.

هەمان شت بە موسڵمانەکان ڕاست نییە. ژمارەیەکی کەم نەتەوەی موسڵمان ئاستەکی بەرزی لێبوردەیی ئاینی هەیە؛ بە نموونە،

ئەلبانیا، کەسۆڤ، سەنیگال و سیرا لیۆن. بەڵام زۆرینەی وڵاتانی ئیسلامی _لەوانە سعوودیە، ئێران، پاکستان، عێراق و ماڵیزیا_ زۆر تووندوتیژن بەرانبەر بە بیروباوەڕ و پەرستنەکانی نا_موسڵمانەکان (هەروەها بەرانبەر بە موسڵمانە بەباوەڕەکانیش). هەرچەندە زۆر لە موسڵمانان باوەڕیان وایە کە خوا داوای لێبوردەیی بەرانبەر بە ڕەوانگەی ئاینییە هەڵەکان دەکا، بەڵام زۆربەیان باوەڕیان وا نییە کە خوا داوای ئەوەی کردبێ.
سەنتەری لێکۆڵینەوەی پیل لە ساڵی ٢٠١٣دا ئامارێکی بڵاوکردەتەوە کە لە عێراق، ماڵیزیا، پاکستان و ئەو وڵاتانەی کە ئیسلام ئاینی فەرمییە، زۆرینەی موسڵمانان باوەڕیان وایە کە دەبێ شەریعەت سەرچاوەی یاسادانانی وڵاتەکانیان بێ. هەروەها لە ٧٦%ی موسڵمانان لە باشوری ئاسیا و ٥٦% لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا داوای لە سەرداردان و کوشتنی ئەو کەسانە دەکەن کە واز لە ئیسلام دەهێنن و ئاینی خۆیان دەگۆڕن. هەروەها لە ١٠ وڵاتی ئیسلامیدا لایەنی کەم ٤٠%ی موسڵمانان داوای ئەوە دەکەن کە شەریعەی ئیسلامی بەسەر نا_موسڵمانەکانیشدا جێبەجێ بکرێ. ئەمە ئەوە پیشاندەدا، کە بە زۆرینەی موسڵمانان هەقیقەتی ڕوحی ئیسلام تەنیا پێویست نییە بە تاکەکانەوە بەڵکو دەبێ لایەکی سەرەکی هەبێ لە کایەی گشتیدا و لە ڕێکخستنی کۆمەڵگە و دەوڵەتدا.

ناڵەبوردەیی پێویست نییە ببێتە هەی تووندوتیژی بەرانبەر بە بەباوەڕان؛ بەڵام، وەک ئەمە دەبینین، لەژیکی هەقیقەتی خواوەندی یەکسەر بەخرایی ڕووو ئاڕاستەی ڕاڤەکردنی دەقە پیرۆزەکاندا دەڕوا تاکو بەباوەڕان بچەوسێنرێنەوە. هزرڤانانی ئیسلامی وەک ئیبن سینا لێبوردەییان قبووڵکرد بوو، ئاخر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا موسڵمانەکان زۆر لە مەسیحییەکان لێبوردەتر بوون. بەڵام ڕەگەی مەدەرنی لێبوردەیی ئەوەی سەلماند کە بە موسڵمانەکان زۆر لە مەسیحییەکان قورسترە لێبوردەیی قبووڵ بکەن، زۆرینەی موسڵمانان تاکو ئێستاش سنوورە ئیتیکییەکان بە داواکاری لێبوردەیی ئاینی قبووڵ ناکەن، هەروەها تووندوتیژی دژی بەباوەڕان وەک ئەرکێکی خواوەندی دەبینن. ڕەنگە بەڵامانەوە قورس بە باوەڕ بکەین کە بیروباوەڕی ئاینی بتوانێ ببێتە هەی کوشتن و سووربین لەسەر ئەوەی کە تووندوتیژی لە نەخشی مەشک و دەمارگیری سیاسیەوە سەرچاوەدەگرێ. بەڵام لەژیک و مەژووی ئاینەکان شتێکی پێچەوانەی ئەو ڕوانگەیەمان پێدەڵێن.

داخۆ ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ئیسلام خراپە؟ نەخێر، بەڵام

ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ئیسلام تاکو ئێستاش بە ئادەی مەسیحییەت کەنتەکنەکراو و ئامنەکراوە، مەترسی لەنێو هەر ئاینێکدا خەی شاردەتەوە کە بانگەشەی ئەوە بکا ئەو هەقیقەتی خواوەندی هەگرتووە. ئاستگەیانە بڕیین، ئیسلام وەک سەرجەم نەیتوانیوە ڕەگ بە بەها سەکولارەکان بدا و قبووڵیان بکا وەک مەسیحییەت کردوویەتی. وەک سەرەک ئۆباما ماوەیەک لەمەوبەر گوتی، "ئیسلام بە قەناغی ڕیفۆرم و چاکسازی ئاینییدا نەڕۆیشتووە، تاکو یارمەتی خەڵک بدا باوەڕ ئاینییەکانیان لەگەڵ مەدەرنەتی بگونجێنن." ئەم گونجاندنە درڕخایەن و قورس دەبە و داواکاری گەڵانکاری ڕەشنبیری، کەمەایەتی و ئابووری دەکات، هەندەکی لەلایەن هەزی دەرکییەوە بەرهەمدەهێنرێن، ئەوانی دیکەش لە سەرهەدان و زیادبوونی دەسەاتی فەرکاریەکانی ئیسلام لەبارەی لەبوردەیی و خۆشویستیەوە دەنەئاراوە. بەام هەتاکو بەدەستهێنانی ئەو چەشنە وەرگەڕان و گەڵانکاریانە، هەڵە دەبە بگەترێ نالەبوردەیی و تووندوتیژی "خیانەتی پەتی"یە لە ئیسلام و پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە.

_____

سەرچاوە: نیەرک تایمز
https://www.nytimes.com/2016/08/01/opinion/how-religion-can-lead-to-violence.html

---

هەشتا زەمەنی ئەمە لەوە بەجەماوە .. لە بیابان ... شکۆ عومەر کاکەەش

خوەندنەوەیەك بە کورتەفیلمی کشکی میروولە* ....

لە کشکی مەروولەدا زەمەن و خشەویستیمان لەدەدزرێت بەبە ئەوەی هەستی پێبکەین!
بەداخەوە من زەرجار ڕەشبینم بەرامبەر ئەو شتەی کە پێی دەڵین فیلم و پیشەسازی سینەمای کوردی، ئەمەش ڕەنگە پەیوەندی بەو بینینە

متەوازوعانەیەی خەمەوە هەبێ بێ فیلمی غەیرە کوردی و جگە لەوەش لێشاوی ئەو فیلمە بێناوەڕۆك و سادانەی رۆژانە دەخرێنە بەردەممان کاریگەری خێی هەیە. بەڵام کورتە فیلمی (کەشکی مەروولە) ئەو ڕەشبینییەم بەتەواوی ئاوەژوو دەکاتەوە و دەیهێنێ کە پێ بە گەرووی خێت و بەوپەڕی شانازییەوە هاوار بکەیت و بڵێت ئیمەش خاوەنی سینەمای خەمانین.
لە دەسپێکی کەشکی مەروولەدا زەمەنی بینین 2014یە بەڵام زەمەنی ئاکت نادیارە. شوێنی بینین بیابانێکی خواروو، بەڵام شوێنی ئاکت ماڵی خۆزانێکی (سێ کەسی)ی بەختەوەرە،(ئیدی ئەو ماڵە بیابانە، کەشکە، خەیاڵە…) ڕوون نیە.

جەستەی ئەکتەر لەم فیلمەدا وجوودی نیە بەڵکو ئەوەی کە تەواوی بیر و هۆشی ئێمە بێ خێی جێەو دەکات تەنها بریتییە لە دەنگ، واتە لەگەڵ کەمی وێنەی سینەمایی بینراو لە فیلمەکەدا، زۆرترین پانتایی بە زمان و گڵانەوە بەخشراوە و ئەوەی کە دەبنیرێت تەنها بریتین لە بیابانێك، شوانێك و ڕانەمەڕەکەی، تراکتۆرێك، کەژاوەیەکی بووك گواستنەوە، دواجاریش پرسەیەکی هەڵدانەوەی گڵکی بەکەمەڵ. بەڵکو ئەوەی کە هەیە و دەبینرێت لە ڕگەی بیر و هۆشەوەیە، بریتییە لە ووتووێژی ژن و پیاوێك کە سەرەتا دوو ئۆتۆمبێل لە دووڕەوە دەردەکەون بە هێنلدان و گڕانی ووتنەوە بە دوای یەکدا دەڵێن و ژن و پیاوەکە پێیانووایە کە ئەوە کەژاوەی بووك و زاوایەکە بەلایاندا گوزەر دەکات، دواتر منادەکەیان دەگری و پیاوەکە داوای ژیرکردنەوەی لە ژنەکە دەکات و پاشان ژنەکە پرسیاری (کات) دەکات و دەیەوێت بزانێ کە سەعات چەندە، کەچی پیاوەکە سەعاتەکەی لە دەستدا نەماوە، بیریشی نیە کە چی لێکردووە و بێ سەعاتەکەی لە دەستیدا نیە! دواتر بە ڕکەووت پرسیاری ئەقەکەی دەستی ژنەکەی دەکات و دەڵێت کوا ئەقەکەت ئەویش بە هەمانشێوە ئەقەکەی نەماوە، بەبیری خێی هەر لە دەستیدایە بەڵام کاتێ سەیر دەکات ئەقەکەی نەماوە و ئەم ووتبووونەش دەبێتە خاڵی وەرچەرخانی ڕووداوەکان و بەرزبوونەوەی دراماتیکی ڕووداوی فیلمەکە تا دەگات بە تروپك، بەوەی کە پیاوەکە تەئکید دەکاتەوە چۆن دەبێت ئەقەی هاوسەرگیرییەکەی لە دەست نەمابێت و نەشزانێ لە کوێیە! لەم نێوەندەشدا منداڵەکە دەست بە گریان دەکاتەوە و ژن و پیاوەکەش دەبێت بە دەمەقاڵیان، لەم کاتەدا شوانە عەرەبەکە و ڕانە مەڕەکەی بە نزیکیاندا تێپەڕدەبن، پیاوەکە بە ژنەکە دەڵێ شیر بدە بە منداڵەکە باژیر بێتەوە، ئەویش پێی دەڵێ: (شیری چیی مەگەر نازانی…) ناچار ژنەکە دەیەوێت بانگی شوانەکە بکات تا کەمێك لە شیری مەڕەکانی بێ بۆنێنی و بیداتە

منالەکە و پیاوەکەش بەم هەسوکەوتە وەرس دەبێت و ژنەکە بێدەنگ دەکات ئەوەش لە ترسی ئاشکرابوونی شوێنەکەیان لەلایەن شوانەکەوە. دواتر بە ژنەکە دەڵێ: (بانگی چی دەکەی خۆ ئەو لە زمانی ئێمە تێناگات…) شەو دادێت و ژنەکە بە دڵشکاوییەوە لای لایە بۆ منالەکەی دەکات پیاوەکەش لە هەسوکەوت و دەمەقاڵیی ئەمڕۆی پەشیمانە و داوای لێبوردن لە ژنەکە دەکات و خۆی دەخرێنێتە باوەشییەوە و ئاشتی دەکاتەوە و دیمەنێکی ڕۆمانسی لە زهنی بینەردا دروست دەکەن و بەڕێنی ئەوەش بە ژنەکەی دەدات کە بەیانی بەیەکەوە دەگەڕێن تا هەم سەعاتەکەی خۆی و هەمیش ئەڤەکەی پەنجەی ژنەکە بدزنەوە، بەڵام بەیانی کە چاو دەکەنەوە لە دەنگی لەرینەوەی زەویەکە و هاژەهاژی شۆفێ و حەفارە بەخەبەر دێن کە خۆشیان نازانن چیە و کێیە هاتوەتە سەریان.

دواجار کەسێك هۆمایەکی ئاگادارکردنەوەی قەدەغەکراو لەبەردەمیاندا دەچەقێنێت و ئەمانیش واقوڕماو و بێدەنگ سەیر دەکەن. لە م نێوەندەیا دەنگی چەند کەسێك دەبیسترێت کە بە کوردی قسە دەکەن قسەکان و فێنەتیکی دەنگەکان بۆ ژن و پیاوەکە ئاشنا دەبێت کە ئەمە زمانی خۆیانە و بۆیە هەست بە دێنیاییەك دەکەن. دواتریان بۆ دەردەکەوێت کە ئەمان ئەنفالکراون و ماوەی بیست و حەوت ساڵە وا لە ژێر لمی بیابانەکانەوە چاوەڕوانی ئێمەن بۆ ئەوەی بچین و بە ئارامی لە خەو هەڵیانبسێنین و بیانهێنینەوە، ژنەکە ئێستا ئیتر بیری دەکەوێتەوە کە بۆچی ئەڤەکەی لە پەنجەدا نەماوە، کە 27 لەمەوبەر کاتێ ڕەمی کران سەربازێکی عیراقی ئەڤەکەی لە پەنجەی دەرهێنا و دزی! بەڵام ئێستا ئیتر گرنگی بە ئەڤەکەی نادات و بەوپەڕی تامەزرۆیی و بڕوانەکردن و شۆکبوونەوە دەڵێت: (یانی ئەگەڕێینەوە؟) ئەوان لە ئێمە چاوەڕوانترن بۆ گەڕانەوە بۆ ئامۆزی نیشتیمان، ئەمەش بە دیاریکراوی لەو دیالۆگەدا دەردەکەوێت کە پیاوەکە دەڵێت: (باشە بۆ وا درەنگ؟ 27 ساڵ چاوەڕوانی..) لەو دیالۆگەوە بینەر هەست بەو هەموو تامەزرۆییە دەکات کە لە ژیەکانی قۆکی ئەو ئەنفالکراوەوە دەردەچێت، تامەزرۆیی بۆ هاتنەوە، بۆ گەڕانەوە بۆ باوەشی نیشتیمان، بۆ هەڵمژینی هەوایەکی نیشتیمان و بەجێهێشتنی تەپوتۆزی بیابانی نامۆ بە ڕۆح و جەستەیان.

یەکێك لە جوانترین تەکنینکەکانی کۆشکی مۆروولە بریتییە لە هەگبەڕانەوەی ئاست و مەودای بینین کە بەجدی بینەر لەسەرەتاوە ئیستیفزار دەبێت تا ئەو ساتەی دەچێتە نێو دنیای فیلمەکەوە، چونکە تەواوی گۆشەی کامێرا لەم فیلمەدا تا دیمەنی پێش کۆتایی تەنها دوو

گۆشەیە و بەس، ئەوانیش بریتین لە گۆشە نیگای هەردوو کارەکتەری نێو فیلمەکە بەبێ ئەوەی ئەوانیش ئاماستەی بینینیان بگۆڕن. واتا چۆن 27 ساڵ لەمەوبەر ئەو ژن و پیاوە رەمەی کراون و بەشکی جەستەیان خراوەتە ژێر گۆڕەوە هەر بەو جۆرە ماونەتەوە، چونکە لەبنەڕەتدا ئەمان مردوون و ئەسڵەن تەنها ئێسکە پەیکەریان ماوەتەوە و ئەوەشی کە دەدۆ و ئاکت دەکات تەنها ڕۆحەکانیانە! کامێراش جگە لەوەی سەرجەم ڕووداوەکانمان لە چاوی دوو کارەکتەرەکەوە بۆ دەگوازێتەوە هیچ گۆشەنیگایەکی ترمان پیشان نادات بۆیە بەڵای من ئەم تەکنیکەی دەرهێنەر پشکی شێری سەرکەوتوویی فیلمەکەی بەردەکەوێت، چونکە لەسەرەتاوە ئاماژییەکی وەها دەخوڵقێنێت کە بینەر تووشی سەرلێشێواندێك دەبێت و ئەسڵەن ناتوانێ تەبریرێکی گونجاو بۆ پابەندبوونی بەو گۆشە نیگا دیاریکراوانە بدۆزێتەوە، تا لە کۆتایی فیلمەکەدا بۆی دەردەکەوێ کە دەرهێنەر جەند زیرەکانە کاری لەسەر چ تەکنیکێکی نایاب کردووە!!

وتوێژ و دیالۆگ بە هەمانشێوە یەکێکی دیکەیە لە کێدەکانی سەرکەوتنی (کۆشکی مرولە) بەوەی کە دەرهێنەر زۆر وورد و بەسلیقەوە کاری لەسەر دانان و هەبژاردنی دیالۆگەکان کردووە و لە (کۆشکی مرووله)دا هەر دیالۆگێك بۆ خۆی هەڵگری چەندین کێد و مەغزایە.
هەبژاردنی بابەت و کارکردن لەسەری بەو شێویە لەلایەن دەرهێنەر تۆفیق ئەمانییەوە، بەرای من کێدی سەرکەوتنی فیلمەکەیە بەوەی ئەم نەهاتووە وەکو ئەو کارانەی کە لەسەر ئەنفال بەرهەمهێنراون ئیقایەکی عەسکەری و ژمارەیەك پیرەژنی داماوی پاشماوەی ئەنفال و سەگەشەکەی نوگرەسەلمان و چی و چی بهێنێت و دووبارە بە سواوی کاریان لەسەر بکات، نا بەکو ئەمانی هاتووە تەنها خانەوادەیەکی بچووکی سێ کەسی (ژن، پیاو، منا)ی وەرگرتووە و لەسەر ڕووداوگەلی زۆر سادەی ژیانەی نێوان ئەو خانەوادەیە کاری کردووە و لە کۆتایشدا پێووتین کە دەکرێت لەسەر شتە زۆر بچووك و سادەکان بەرهەمی شاکار بهێنینە ئاراوە.

بەڵام ئەوەی کە بۆ من مایەی پرسیاری جدی و هێوەستەکردنە، شێوەزاری هەردوو کارەکتەرەکەیە، کە بەشێوەزاری سنەیی یان ڕوونتر بڵێین ژێرهاتی دەدۆن، کە هەرچەندە خۆی لە خۆیدا بەهای شیرینی شێوەزارەکەوە جوانی و چێژکی تایبەتی بە فیلمەکە بەخشیووە، بەڵام لێرەدا تووشی ئیشکالییەتی ئەوە دەبینەوە ئایا گەرمیانییەکی

ئەنفالکراو بێ دەبێت بە شۆڕشگێڕی سنەیی یان ڕۆژهەڵاتی بدوێت؟! ئایا ئەمە تەنها تەکنیکێکی دەرهێنەر خۆیەتی بێ فیلمەکە؟ یاخود دەیەوێت لەڕێی ئەنفالەوە شۆڕشگێڕەکان تێپەڕێنێت و بڵێت ئەنفال ئاگرێکە و وا لە دڵی هەموو کوردێکە بەجیاوازی شۆڕشگێڕ و تەمەن و ڕەگەزەوە؟ بەڕاستی هاودژییەك لای دروست بووە لەم بارەیەوە.

خاڵێکی تری جێی پرسیار بێ من ناونیشانی کورتە فیلمەکەیە (کۆشکی مەرگوڵە) بێ؟ چ پەیوەندییەك هەیە لە نێوان (ئەنفال) و (کۆشك)، (مەرگوڵە)دا؟ ئایا مەرگوڵەش بەشدارە لە ئەنفالکردنی کورددا؟ ئایا ئەم ناونیشانە پەیوەندی هەیە بە بینینی کارەکتەرەکانەوە کە مەرگوڵە پانیاییەکی فراوانی بینینی ئەوانی داگیرکردووە؟ یاخود مەبەستی کەللەسەری ئەنفالکراوانە کە بووە بە کۆشك بێ مەرگوڵەکانی بیابان؟
دواجار موتەئەسیفانە زۆر دەگمەنن ئەو بەرهەمە هونەری و ئەدەبیانەی دنیای ئێمە کە توانیویانە ستاتیکییانە کار لەسەر مەرگەساتەکانی گەلی خۆمان بکەن و زۆربەی کارەکان هێندە سادە و بێناوەڕۆکن کە بەڕای من نێگەتیڤانە کاریگەریی لەسەر مەرگەساتەکە هەبووە. بەڵام خۆشبەختانە کورتە فیلمی (کۆشکی مەرگوڵە) لە گۆشەنیگایەکی زۆر وورد و قووڵەوە لەسەر مەرگەساتی ئەنفال بەرهەمهێناوەتەوە و دەتوانرێ لەڕگەیەوە بە بیانییەك بوترێ ئەوەیە ئەنفال کە بەسەر کورددا هاتووە! بەڵای من ڕای لە ئەدەبدا ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان-ی بەختیار عەلی و لە سینەماشدا کورتە فیلمی (کۆشکی مەرگوڵە) ئەو دوو بەرهەمەن کە زۆر بە وردی و ئاگاییەوە کاریان لەسەر ئەنفال کردووە و هەق وایە هەر نوسەر و هونەرمەندێك کە بیەوێت کار لەسەر ئەو مەرگەساتە گەورەیە بکات، بەر لە هەموو شتێك هەم ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە و هەم سەیرکی فیلمەکەش بکات بێ ئەوەی ئەگەر زانی ناتوانێ ئەو دوو بەرهەمە تێپەڕێنێت و لەوان جوانتر و ستاتیکیتر کار لەسەر ئەنفال بکات، ئەوا نەیکات باشترە.

ئێستا ئیدی ئەگەر بیانییەکی هاوڕێم پرسیاری فیلمی کوردیم لێبکات دەتوانم بەشانازییەوە پێشنیاری بینینی چەند فیلمێکی کوردی بێ بکەم کە یەکەمیان (کۆشکی مەرگوڵە)یە.
*کورتەفیلمی کۆشکی مەرگوڵە بەرهەمی ماڵی سینەمایە و ساڵی 2014 لە کوردستان بەرهەمهێناوە و تێفیق ئەمانی کاری نوسین و دەرهێنانی بێ کردووە.

کاتێك نواندن دەبێتە درۆکردن … ڕێباز محەمەد جزا!!

زۆرن ئەوانەی لە بواری شانۆدا کاریان کردووەو قسەیان لەسەر ئەم دۆزە کردووە و هەندێك لە تۆژەرانی بواری‌کۆشی سەرقاڵکردووەو جێخت لەوە دەکەنەوەکە نواندن پەروەردەیەو پێویستی بە چەمك و مفردەو تێگەیشتنی فرە هەندەو سەربە گرازکی دیاریکراونیە واتە ناتوانین لەگەشەنیگایەکی تاکەکەسیانەوە خوێندنەوەی بەبکەین و وەکو جۆرێك لەخوونەریت تەماشای بکەین و دووبارەی بکەینەوە وەکو لەم ڕۆژانەدا بەچاوی خەمان دەیبینین هەندێك لەو کەسانەی کە خەیان سەرقاڵکردووە بەم کارەوە بە (نووسین ، درامای تیقی ، شانۆ کایەکانی تر…) هەموویان دەبینین یەك جۆر کەسو هەموئەم کارانە دەکات بەمانایەکی تر : (لەوتۆژەکانی شەقام و گفتوگۆی تیقی و رادیەو کاتی نواندن و هەمووئەوانی تر) دا هەرهەمان کەس و بەهەمان جۆرو دووبارە دەیبینینەوە کە ناگەت و تێنانت لەهیچ کام لەو بەرهەمانەدا قاتی چاکەت و پانتۆکشی ناگەرێت گوایە ڕەشنبیرەو و ئەم کاری نواندنە !

شانۆ پێویستی بە لەکەینەوەو توژینەوەو گۆان هەیە ، پێویستی بە مەعریفەیەنەك داشتن !! ئەمەش لە شانۆی نوێدا ناودەبرێت بە “دراساتی بونیادی – Interdisci plenary”کەلەووی تیەریەوە سوودی بە نمایش و بابەتەکانی نمایش و بیرو روئیای نمایش هەیەو زۆر لەمانەش پێویستن بە حەقلە مەعریفیەکانی ترەوە وەکو (فەلسەفە و دەروونناسی و سیاسەت و مێژوو ئابووری) و دواتریش سەربار خستنی سروشتی حاڵ بەتوژینەوەی ئەدەبی شانۆ پاشان بەمەشق و ڕاهێنانە پەروەردەییەکانی ئەکتەر، چونکە بیرمان نەچێت کە نواندن دەکات ؟ ! بەگومان ئەکتەر !! بەڵام ئەگەرپسوپڵیەکی ئەم بوونەوەرە داهێنەرە هونەرمەندە پچوککرایەوە لەفەرمکدا و لە ناونیشانکدا چی؟!! فەرمی دووبارەی نواندن بەرەو ناشرینی و کەمدەستی و نەشارەزایی سەردەکێشێت و دەبێتە(خوو- habit) ، لەپاشاندا بە دروستکردنی نازناو و دانە پاڵی شتێك کەناوی خەی بەخێوەتی لەوانە (درەکردن) ، تاکو ئەستاش زۆرلەبکەرانی بوارەکە ئەم پسپۆڕیەگرنگە بە (درەکردن) دەزانن ، بەڵام لەڕدا پرسیاری

ئەمان لادروستدەبێت ئاگار (نواندن) درکردن بێت کەواتە دەزگاهونەری و ئەکادیمیەکانی وەکو " زانکۆپەیمانگاکان" کاریان چییە؟! (4 ساڵ) خوێندنی زانکۆ (5ساڵ) خوێندنی پەیمانگا لە پاشان دەوڵەت بەوانامەی (درکردن) دەداتا فەرخوازان ؟!!یان دایکان و باوکان (کچ و کوڕکان) یان دەنێرن بۆئەوەی فێری (درکردن ببن)؟! ئیتر (تەکنیك و مەشق و پڕوردەو .....) ڕێکیان نامێنێت ؟!

زۆربە خەرایی دەتوانین لەماوەیەکی کەمدا بزانین ئەوکەسانە کێن کە ئێم دەستواژەو ناوناتۆرانە بەاودکەنەوە ؟! ناسنامەی هونەریان چییە؟! سەربەکام جیلن و چێن لەشانە بەگشتی و نواندن تەدەگەن ؟! هاوزەمان لەگڵ ئەو دەخە خراپەی شانەدا ، ئێم کەسانە دەخەکیان دروستکردووە مرۆف نەتوانێت لە شانەدا کاربکات و کەسانەك پەویست نەبن پسپۆربن چونکە باوەڕیان بە (پسپۆری) نیە!! کەواتە ئاگار وایە : بۆچی دەوڵەت ئەو توانا مرۆیی و ماددیە زۆرە بە بوارەکی وامەترسیدار تەرخاندەکات؟! کەچەند ساڵەکە ئێم خووە بەتە هەی بەاو کردنەوەی پەتای درکردن؟! هەرئێم بۆچوونەشم دەمگەیەنێتە ئەوەی بڵێم : کاتەك پسپۆری نواندن دەبێت بە درکردن ئیتر پرسەی پڕوردەی شانەو خوێندنی ئەکادیمی و مە عریفەی شانەیی جێگەی گومانن ..چونکە جڤاتەك بە درکردن بینابکرێت بگومان لە درزنیشی کەم نابێت …

کتێبی پەیامبەر وانەیەك بۆ ژیانی مرۆڤەکان … سەدیق سەعید ڕواندزی

جوبران خلیل حوبران، یە کەکە لەو نووسەرانەی، لە سەر ئاستی جیهاندا، کتێبو نووسینەکانی دەخوێنرێنەوەو خوێنەرەکی زۆریان هەیە.ئەو، وەك حەکیمەك لە نووسینەکانی دەدوێتونووسینەکانی دەچنە خانەی ڕێنوینی مرۆڤو بیرکردنەوەو بونیادنانی کەسیەتییەکی هوشیارو بە ئاگا لە ژیانو دەوروبەر. بۆیە هەر کاتەك نووسینەکانی

دەخوێنینەوە، هەست دەکەین پێن لە ئامێژگاریو وتەی بەنرخ.کەلە ئەزموونکردنی ژیانی مرۆڤەکاندا، بایەخی خۆیان هەیە. نووسینەکانی، ڕۆشنایییەکن بۆ ڕووناك کردنەوەی سوچە تاریکەکانی ژیانی مرۆڤ. ئەو قسەو سەبردەو ڕووداوەکانی ژیان، دەکاتە پەیامێكو ئاراستەی مرۆڤەکانی دەکات. بۆیە هەمیشە دەربڕینەکانی پێن لە حیکمەت.هەر ئەمەشە وایکردوە خوێنەران بە شەوقەوە نووسینەکانی بخوێننەوەولەهەر شوێنێك کتێبەکانی ببینن ببیتە جێگەی سەرنجیان. (پەیامبەر) ناوی کتێبێکی ئەو نووسەرەیە، کە لەو ماوانەی ڕابردووداو، ماڵی وەفایی لە هەولێر، چاپی کردووەو نووسەر (توانا ئەمین) وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی.

ئەم کتێبە وەرگێڕدراوەتە سەر پەنجا زمانی جیهانی. ناوەڕۆکی کتێبەکە، لە کۆمەڵە وتارێك پێکهاتووە، کەباسو بابەتی کۆمەڵایەتیو پەروەردەییو خۆزانین.هەرییەك لەو بابەتانە، بە جیا نووسەر لەبارەیانەوە بەکورتی دواوە.بابەتەکانی ئەو کتێبە کورتن، بەڵام پوختو چڕن. بە زمانێکی سادە نووسراون، بەڵام ڕێنوێنیو ئامۆژگاری زۆری تێدایە بۆ خوێنەران.ئەو کتێبە لە چەندین وتاری وەك:(ئازادی/ ئەقڵو سۆز/قسەکردن/چاکەو خراپە/نزا/خەمو شادی/ منداڵی/هاوسەریەتی/کار/) لە گەڵ چەندین بابەتی تر پێکهاتووە. کە هەموویان بەکورتیو لە دووتوێی ڕاپەڕیەك یان دووداو، نووسەر لە بارەیانەوە دواوەو سەرنجوتێڕوانینەکانی خۆی دەخاتە ڕوو. دەربڕینەکان، ئاماژەیەکی ماناداڕن بۆ خوێنەرانو گوزارشت لە هوشیاریو تێگەیشتنی مرۆڤ دەکەن.

بۆ هەر یەك لەو باسانە کە لە شێوەی ناونیشانێکی سەربە خۆ نووسراون، جوبران خەلیل، بە چەند دڕێك لە بارەیانەوە دواوەو بەڵادەیەك کە خوێنەر دەیانخوێنێتەوە،وەڵای سەرسامبوونی، چۆژیش لە خوێنەوەی بابەتەکان وەردەگرێت. دەشێ پەندو ئامۆژگاریەکانیشی ببنە ڕێنوینیەك و چرایەك بۆ ڕووناکردنەوەی ژیانی مرۆڤەکان خۆیان. بۆنموونە: نووسەر لە باسی ئازادیداو بۆ گەیشتن بەئازادی دەنووسێت:(ئەگەر دەتانەوێ تەختی ستەمکارێك بڕوخێنن دەبێ یەکەمجار ئەو تەختە بڕوخێنن کەلەدەروونتان دایە.ئەگەر ترسۆکتان هەیە، ئەوا ئەو ترسە لە دڵی ئێوەدایە نەك لە دەستی ئەو کەسەی لێی دەترسن). بۆگومان هەمیشە وتراوە، دیکتاتۆرو ستەمکارەکان، بەدەنگی دروست ناکەن. ئەوە کۆمەڵگەیە ستەمکاروجەلاد دروست دەکات بە هۆی بەدەنگی خۆیانەوە.نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەگەر مرۆڤەکان هەموویان هاوهەڵوێستو یەکگرتووبن، ئەگەر یاخی ببنو بڕنەوە بە گژ

دەسەڵاتدارانو ستەمکاران، ئەوا بە ئاسانی دەتوانن کۆتایی بە زەبرو زەنگی دەسەڵات بێنن. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ سەرەتا لە خۆیانەوە دەست پێبکەنو بەربەستەکانی ژیانی خۆیان بشکێنن. دەبێ قوربانی بدەنو لە مەرگ سۆ نەکەنەوە،تا ئەو کاتەی هەموویان ئازاد دەبن.

ئەوە بڕدەنگی مرۆڤەکانە، فەزایەك دروست دەکات،کە تیایدا ستەمکارو ستەملێکراو، قوربانیو جەلاد دەربکەون.تاکەکەسێك کە دەسەڵاتێکی هەیەو هەرچییەك مەبەستی بێت لە ستەموسەرکوتکردنو بە بەهاکردنی ژیانی مرۆڤەکانی کۆمەڵگەکەی دەیکات،ئەوا ئەودەسەڵاتەی لە کوێ هێناوە؟ خۆ لە ئەزەلەوە بەو شێوەیە دەسەڵاتدار نەبووە؟ ئەوە هەموو لە بڕدەنگی تاکەکانو نەبوونی هیچ شۆڕشو یاخیبوونێك دروست دەبێت. بۆیە بە بۆچوونی نووسەر هەرکاتێ تاکەکان توانییان ترسی نێو دڵەکانی خۆیان بشکێنن، ئەوا دەتوانن ترسی ستەمکارەکەش نەهێڵن. چونکە ئەگەر ترسێك هەبێت،ئەوا ئەو ترسە لە دڵی مرۆڤەکان خۆیاندایە، نەك ئەو کەسەی لێی دەترسن.بۆگومان ڕۆژکیش دێت ئەو ترسە نەمێنێتو مرۆڤەکانی یاخدەبنو بە گژ تەختی ستەمکارەکەیاندا دێنەوە. تەمەنو دەسەڵاتی ستەمکار، چەندیش بخایەنێت، هەر کۆتایی دێت.

هەموومام بینیمان، سەدامووقەزافیو بن عەلی چیان بە سەر هات. ئەمە دەبێ وانەیەك بێت بۆ هەموئەوانەی دەسەڵاتدارنو خۆیان بە شوان دەبینێنو گەلەکەشیان بە مێگەڵ.بەڵام ئەمە چۆن دەکرێت، بە تێکشکاندنی ئەو ترسەی لە دەروونی مرۆڤەکاندایە. لەوتارێکی دیکەدا، کەدەربارەی هاوسەریەتییە، جوبران خەلیل جوبران دەڵێت:(پێکەوە گرانی بێن، بەڵام ڕۆزی تەنیایی یەك بگرن. پێکەوە بن بەڵام مەچنە ژێر سێبەرێك). لەڵاستیدا، نزیکترینوبەبەهاترین پەیوەندی، پەیوەندی نێوان هاوسەرەکانە، لە چوارچێوەی ماڵێكو خۆزانێك. پەیوەندییەك کە ئەگەر هیچ گرفتێك نێتە پێشەوە، ئەوا تاکۆتایی ژیانی یە کێکییان بەردەوام دەبێت.بەڵام زۆرجار ئەو نزیکیو پەیوەندییە خۆشەویستییەی نێوان هاوسەران، لە چوارچێوەی ماڵدا هەدەگەڕێتەوەو لە بەی خۆشەویستی، دەبێتە پەیوەندی ڕقو کینەو ڕیزنەگرتن لە یەکتریوتاسەرەنجام بە لێکترازانوجیابوونەوە کۆتایی دێت. نووسەر لە گوزارشتکردنەیدا لە بارەی هاوسەریەتی،ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر هاوسەران زۆر یەکتریشیان خۆشبوێتو ئاوێتەی ژیانی یەکتری ببن، ئەگەر بوونی خۆیان لە بوونی بەرامبەرە کەیان ببینەوە، ئەوا دەبێ پەراوێزێك بۆ ئازادی ژیانی

تاکایەتی یەکتری بھێنەوە. نابێ ئەو پەیوەندییەیان شێوەیەکی کێلایەتی وەربگرێت. یاخود ئەوەندە بیر لە زەوتکرنی یەکتریوکێتوبەند کردنی یەکتری بکەنەوە، کە بوارێك نەمێنێنەوە، بۆ ئازادییە کەسییەکانی خۆیان. زۆرجارئەو خێشەویستییەی نێوان هاوسەران، لە دەرەنجامی تەماشاکردنی یەکتری وەك موڵکداریو خاوەندارییەتی یەك، دەگۆڕێت بە پەیوەندییەکی ڕق و کینە. هاوسەران لە ژیانی خۆزانیاندا، چەندیش یەکتریان خۆشبوێت، مانای ئەوەنییە ئیدی دەستبەرداری تاکایەتی خۆیان ببن و ببنە کێلەی یەکتری. بۆیە جوبران دەڵێت: (پێکەوە بن بەڵام مەچنە ژێر سێبەرێك). ڕێزی تەنیایی یەك بگرن.

ئەمەش دەلالەتێکە بۆ ئەوەی پەیوەندی هاوسەران لەچوارچێوەی یەك ماڵو خۆزاندا، نابێ بڵێتە هۆکاری توانەوە لەنێو یەکتریدا، تا ئەو ڕادەیەی یەکێکییان ئەوی تریان دەسڕێتەوەو شوناسی خۆی پێدەبەخشێت. بۆگومانیش هاوسەران، هەرچییەكو هەر چۆنێك بن، دواجار هەردووکییان مرۆڤن. کە مرۆڤیش بوون، مانای وایە هەریەکەیان خاوەنی هەستو سۆزو سروشتی بایۆلۆژی و سایکۆلۆژی خۆیانن. نابێ بیرلەوە بکەنەوە کە ببنە یەك. چونکە بە دڵنیایەوە، ئەوە هەڵەو مەحاڵیشە. لەوتارێکی دیکەدا لە بارەی عەقڵ و سۆز جوبران دەڵێت:(ئەگەر بەتەنها عەقڵ فەرمانڕەواییتان بکات،دەبێتە ڕێگرو سنووردارتان دەکات.

ئەگەر بەتەنها سۆزیش فەرمانڕەواییتان بکات، ئەوا دەتان سووتێنێ. دەبێ عەقڵ وسۆز بە یەك ئەندازە ڕێزیان لێبگیرێت).هەڵبەتە مرۆڤ وەك بوونەوەرێك، پێکهاتەیەکی سایکۆلۆژی وفسیۆلۆژی تایبەتی هەیە. کە بونیادی کەسیەتییەکەی پێکدەهێن. لە بوونی مرۆڤەکاندا، لە یەك کات عەقڵ هەیەو سۆزیش هەیە. مرۆڤ لە پاڵ پێداویستییە فسیۆلۆژیو غەریزەییەکان، پێویستیشی بەلایەنی ڕوحیو بایەخدان بە شتە ڕوحییەکان هەیە.لە نێوان عەقڵو سۆزدا، لە نێوان مرۆڤکی ڕێماسیومرۆڤکی ئەقڵانیدا، نابێ لە یەك کاتدا، یەکێکییان بیت. واتە هیچ مرۆڤێك نییە بەتەنهاڕێماسییانە بژیتو ئەقڵانیەتی بەلاوە گرنگ نەبێ، بەهەمان شێوەش ناتوانێ ئەقڵانی بژیتو سۆزو ڕێماسییەتی نەبێ. مادام پەروەردیگار مرۆڤی بەو شێوەیە خوڵقاندووە، ئیدی نابێ دەست لە دروستکراوەکانی خودا بدەین.

بۆنینە بەر چاوی خۆمان، ئەگەر مرۆڤێك بەتەنها ڕێماسییانە بژیتو تەنها سۆز بکاتە ڕێنوینی ژیانی خۆی، هەڵەیەکی چەند گەورە دەکاتو ڕووبەڕووی مەترسییەکی چەند گەورە دەبێتەوە. چونکە ئەوەی دواجار مرۆڤ لە ئاژەڵ جیادەکاتەوە ئاوەزە.بۆیە لە نێوان عەقڵوسۆزدا،

دەبێ هاوسەنگییەك هەبێو بانسی هەردووکییان وابگیرێت. مرۆڤ هەرتەنها بە ئەقڵ ناژی، بەڵکو پێویستیشی بە سۆزو خۆشەویستیو پەیوەندییە لە گەڵ بەرامبەرەکەی. بەتایبەتیش مرۆڤی خۆرهەڵاتیو لە نێویشیاندا مرۆڤی کورد،کە لە سروشتەوە کەسیەتییەکی ڕۆمانسی هەیەو کەمتر بەرگەی پشکەوتنە تەکنەلۆژیی وزانستییەکان دەگرێت. سەرنج بدەن، ئامێرە داهێنراوە نوێکانی سەردەم، لە زۆر کاتدا چ نەهامەتییەکیان بۆ خۆزانی کورد هێناوەتە ئاراوە.بۆنموونە : وەك مۆبایل.

کە سەرچاوەی چەندان کێشەو نەهامەتیو لێکترازانی کۆمەڵایەتی خۆزانەکانە.مرۆڤی کورد، چونکە لە سەردەمێکی نامۆ دەژی، ئیدی ئەویش هەست بەو نامۆیە دەکاتو لە پاڵ پێداویستیە فسیۆلۆژییەکان، پێویستی بە پێداویستییە ڕوحیەکانیش هەیە.بەهۆی نەمانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشو سۆزو خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکان، ئیدی ئەو پێداویستییە ڕوحیانەش نەماون. ئەمە ڕۆژ نییە گوێبیستی چەندین تاوانی کوشتنو خۆکوشتن نەبین، کە تاوانەکان هەندێکییان بە دەستی کەسە هەرە نزیکەکان خۆیان ئەنجام دەدرێن. لە کاتێکدا، لە کۆتایی نەوەتەکان و سەرەتای دووهەزارەکاندا،ڕۆژەی ئەنجامدانی تاوانەکان بەو شێوەیە زۆر نەبوو.جوبران خەلیل، لە وتەیەکی دیکەی نێو کتێبەکەیدا، کەلەبارەی نزاوەیە دەڵێت:(کاتێ ناحەت دەبن یاخود داخوازیەکتان هەیە، نزا دەکەن. خۆزگە لە کاتێ شادی و بێ کێشەیشدا نزاتان دەکرد). یەکێك لە خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ ئەوەیە، کاتێ ناخۆشییەك یاخود کارەساتو خەمێکی گەورەی ڕووبەڕوو دەبێتەوە،نزا دەکاتو لە خوا دەپاڕێتەوە، لەو نەهامەتییە ڕزگاری بکات. ئەوانەشی کە بڕوادارنینو باوەڕیان بە هیچ ئایینێك نییە،هەمیشە بە دوای وزەو هێزێکی شاراوە دەگەڕێن، بۆ ئەوەی وەك فریادەرەسێك بیبینن بۆ ڕزگارکردنیان . وەڵێ هەمان ئەو مرۆڤانە، کاتێ دەگە نەخۆشیەك ئیدی نزا ناکەنو پەروەردیگار فەرامۆش دەکەن.

ئەوان بیریان دەچێت، کە پێشتر لە چ دۆخێك دابووینەوچەند ناخۆشییان بینیوە.بەڵام بیر لەو ناخۆشییانە ناکەنەوەو لە نێو خۆشیو شادیەکانیاندا، مەستو حەیران دەبن. لە کاتێکدا،ناخۆشییەکان بۆ ئەوەیە بیری لێبکەینەوەو خۆشیەکانیش بۆ ئەوەیە، شادو کامەران بین. خۆشیو ناخۆشی، بە شێکن لە پێدراوەکانی ژیان. مرۆڤ هەمیشە لە خۆشی دانابڕێتو هەمیشەش لە ناخۆشی دانابڕێت. بەڵکو لە ژیانو تەمەنی خۆیدا، هەموو بارودۆخەکان دەبینێت. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە مرۆڤ بۆ هەمووکات،خودای بە بیر بێتو نزا بکات. نەك تەنها لە ساتە

نەخشەکان بیری بکەوێتەوە.لەوتەیەکی دیکەیدا لە بارەی منداڵەوەدەڵێت:(هەوڵمەدەن ئەوان وەك خۆتان لێبکەن). وەك دیارە، بە پێی جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ، تا تەمەنی هەژدە ساڵی بە منداڵیەتی دیاریکراوەودوای ئەوە مافی دەنگدانو چەندان مافی دیکەی دەبێت. تەنانەت لەو تەمەنەدا، حوکمە قورسەکانی دادگاش بە سەر منداڵ ناسەپێنرێتو تا هەژدە ساڵی تەواو نەکات، لە خانەی نەو جەوانانو ڕاگیراوان دەبێت. بۆیە بە درێژایی ئەو ماوەیە، پەروەردەکردنی منداڵ لە ئەستۆی خێزانەکەیەتی، بەتایبەتیش دایكو باوك کە خودی منداڵەکە هی ئەوانە. بۆیە هەستیارترین قۆناغو بەرپرسیارترین قۆناغ، قۆناغی منداڵییە. لەو تەمەنەدا، پەروەردەکردن لە ئەستۆی چەند ئۆرگانێکی پەروەردەییە وەك: خێزان، قوتابخانە، هاورێ و ژینگەی دەوروبەر. بۆیەشە بۆ ئەوەی تاکێکی پەروەردەییوهوشیار پێ بگەیەنین، دەبێ بە هاوبەشی هەموو ئۆرگانە پەروەردەییەکان، هەوڵی بونیادنانی کەسیەتی منداڵ بدەین.بەڵام لێرەدا،پێگەیاندنو پەروەردەکردنی هەرە سەرەکیو بنەڕەتی لە ئەستۆی خێزانە. بەڵام جوبران لێرەدا جەخت لەوە دەکاتەوە کەنابێ منداڵەکانمان وەك خۆمان لێبکەین. بەکو دەبێ ڕێگەیان پێبدەین ئازادانەو سەربەخۆیانە بیر بکەنەوە. واتە خۆیان کەسیەتی خۆیان بینا بکەن. ئەگەر ڕووبەڕووی هەڵدێرکیش بوونەوە، ئەوا دەبێ ڕێنمایان بکەینو ڕاستییان بکەینەوەو ئامۆژگارییان بکەین. بەڵام نابێت بیر لەوە بکەینەوە کە منداڵەکانمان، کۆپی خۆمان بن. بە پێچەوانەوە، سرووشتی سایکۆلۆژیو کۆمەڵایەتی هەر مرۆڤێك جیایە لەوی تر.

بۆیە دەبێ ڕێگەیان بدەین سەربەستانە بیر بکەنەوەو ئامانجی داهاتووی ژیانیان دیاری بکەن. لە خێزاوادا منداڵ هەر تەنها تادەگاتە هەژدەساڵ لە ئەستۆی خێزاندایە، ئیدی لە دوای ئەو تەمەنەوە، ئازاد دەبن لە هەڵبژاردنی ژیانو چارەنووسی خۆیان. لە کۆمەڵکە پەتریاکییەکاندا، کە کۆمەڵگای کوردیش یەکێکە لەو کۆمەڵگا نەریتخوازانە، جاروایە دەسەڵاتی باوك بە سەر منداڵەکانی بە ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە. وەرای ئەوەی کە هەندێ جار پەنا دەبەنە بەر کرداری توندوتیژیو گوێنەگرتن لە خواستو کێشەی منداڵەکانیان. کە ئەمەش بەداخەوە سەر دەکێشێت بۆ هەڵشاخان بە ڕووی یەکتریو دواجاریش بە کارەساتێکی دڵتەزێن کۆتایی دێت.

ئەمە ڕۆژنییە بە سەر هەواڵی دڵتەزێنی لەو شێوەیە نەکەوین. کە تیایدا باوکێك کوڕەکەی دەکوژێت، یانیش بە پێچەوانەوە. ئەم کێشانە

دەرەنجامی لە یەکتری نەگەیشتنو بزڕی بە شێك لە منداڵەکانو هاوکات توتدوتیژی خودی باوکەکەش دەگەڕێتەوە. بۆیە کە جوبران دەڵێت:(منداڵەکانتان وەك خۆ لێمەکەن) مانای ئەوەیە، کە سرووشتی پەروەردەییو کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان، جیایە لە یەکتری و ئەستەمە بچنە سەر بوونو تێگەیشتنی هزریو کۆمەڵایەتیانەی یەکتری. بەکو هەر مرۆڤەو دیدو تێڕوانینو بیرکردنەوەیەکی جیای هەیە لە یەکتری کە خۆی باوەڕی پێیەتی. ئینجا ڕاست بێت یا هەڵە. گرنگە منداڵ بە شێوەیەکی ڕاستو دروستو تەندروستییانە پەروەردە بکەین. چاودێریان بکەینو سەرپەرشتییان بکەین بەلام مانای وانییە ببنە هاوشێوەی دایکو باوکییان یاخود کێلەی ئەوان. ئەمانە بە شێك بوون لەو دەربڕینانەی کتێبەکە، کە ئێمە کۆمێنتی خۆمان لە بارەیانەوە نووسیوە. ئەم کتێبە، بەزمانێکی کوردییانەی سادەو جوان وەرگێڕدراوە. بابەتەکانی کورتو پوختن. خوێنەوەیان بێ مرۆڤ، لە هەر تەمەنێك بێت گرنگە. دەستخۆشانە لە وەرگێڕانی کتێبەکە دەکەم. بە هیوام نووسینەکانی دیکەی نووسەریش، یان بابەتە پەروەردەییەکانو کۆمەڵایەتییەکان، وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی. وەرگێڕان گرنگ نییە، بەکو ئەوبابەتەی وەریدەگێڕین گرنگە. هەنگە تا خوێنەرێك ڕێمانێکی بیانی وەرگێڕدراو دەخوێنێتەوە، چەندان خوێنەری تر، نووسینە کۆمەڵایەتیو پەروەردەییەکان دەخوێننەوە. بە تایبەتیش ئەو بابەتانەی لە تەوەرەکانی ژیانی مرۆڤوزینگەو پەیوندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدوێن.

_____

پەراوێز:
1- ناوی کتێب(پەیامبەر) نووسینی (جوبران خەلیل جوبران) وەرگێڕانی(توانا ئەمین) بڵاوکردنەوە(ماڵی وەفایی).
2- تەنها نووسینی نێو کەوانەکان لە کتێبەکەوەرگیراون. ئەوەی تر نووسینو کۆمێنتەکانی خۆمە لە بارەی دەربڕینەکانی نێو کتێبەکە.

ڕواندز_ تەممووزی 2017

3ی ئاب خاڵی وەچەرخان ... عەلی مەحمود محەمەد

زیاتر لە 1200 ساڵە ئێزیدییەکان لەسەر ئەم خاکە جینۆساید دەکرێن, هەموو ئەو تاوانانەی داعش ئەمڕە ئەنجامی داوە, بە درێژایی ئەو مێژووە , سەدان جار لە دوبارە بونەوەی بەردەوامدا بووە , لە ماوەی دوانزە سەدەی رابردوودا بەردەوام تاڵان کراون و کچان و ژنانیان کراوە بە کەنیزەك و لە بازاڕی گەرمی کێڵەی شارەکان فرۆشراون,لەوانەیە زۆرێك لە ئەمە دایە گەورەکانی لەوان بن, پیاوان و منداڵانیشیان کراون بە کۆیلە و لە زەربەی جارەکانیش بە خە رزگارکردن بە زەر ئاینیان پێ گەڕدراوە , لەو 72 فەرمانەی پشوو وەك ئاماژەی پێ دەدەین , پیاوانی موسەمانی کورد لە ژێر پەرچەمی ئایندا بەشداریان لە کەی تاوانەکاندا کردووە , هەندەك جاریش خۆیان سەرکردایەتی فەرمانەکانیان کردووەو لە مێژووشدا هەندەکیان بە پاڵەوانی ئەفسوناوی نەتەوە هەژمار کراون , وەلە لە دوا فەرماندا, فەرمانی ڕەژی یەك شەمە ڕەشەی 3ی ئەگستسی ساڵی 2014 دا, کە پیاوانی ئیسلامی تووندڕەوی عەرەبی سونە مەزهەب پێی هەڵسان لە ژێر ناوی داعش, ئیتر پیاوانی کورد نەك بەشەك نین لە پرۆسەکە و ئەکتەری چالاك نین لە تاوانەکە , بگرە بە هەڵەمەتی هەموو ئێزیدین قەناغێکی نوێ دەستە پێشوە , ئەویش بە پێچەوانەی فەرمانەکانی پێشوو , لەردا پیاوانی کورد نەك بەشداری تاوانەکە ناکەن , بەڵکە دەستە بژێرەك لەوان دەڵێن هەموو ئێزیدن و زەربەش شانازی بە نادیە مورادەکیانوە دەکەن , ئەو یەك شەمە ڕەشەی لە تاوانەکانی داعشدا , بە بەردەم ڕاگەیاندنەکانەوە چەندە ڕەشترە بێت , دوا فەرمان دەبێتە دوا کەمەکوژی ئێزیدییەکان و کەی تاوانەکانی پێشوو , لە ئاوێنەی یاداوەریدا زیندو دەکاتەوە , دەیانکات بە بەشکی بەزلکراو لە خەی, مێژوو لەردا پێچەوانە دەبێتەوە , 3ی ئاب لە تاوانەوە دەگەڕێت بە دادگای مێژووی تاوانە هاوچەشنەکانی رابردوو.

بەهەی زیاتر لە 80 ساڵ بزاوتی ڕۆشنبیری و سیاسی لە کوردستاندا, کەمەگایەکی بەرهەم هێنا, تاوانەکانی 72 فەرمانی غەزای دژ بە ئێزیدییەکان ڕەت کردەوە, لەردا هەست بە گەڵانکاریییەکی هەمنانە دەکەین لە عەقڵی تاکی کورددا, هەرچەندە بەشکیشی لە ژێر کاریگەری ئیسلامی سیاسیدان, کەم تا زۆر هاوسەزن لە ناوەکدا لە گەڵ داعش, کەمایەتییەکی زۆر بچوکی چەند سەت کەسی نەبێت , بە ئاشکرا ئەوی دی

هەموو رۆتی تاوانکەیان کردوە , ئیتر ئێزیدیەکان مرۆڤی پێش یەك شەمەی رەش نین , ئیتر چوارشەمەی 3-8-2016 , هەموو بە بەدەنگ چرکەیەك رادەوەستن و رێز لە قوربانیان دەگرن , ئیتر هەموو 3-8ی ساڵەك نەفرەت لە هەموو فەرمانکان دەکەینەوە, بە رێزگرتن لە قوربانیان رۆتی مێژووە رەشکانی هاوشێوش دەکەینەوە , هەر بۆیەشە نا بگرە بڕیار و دادگاییکردنی مێژوویانەی ئێوانەی لە 12 سەدەی رابردوودا بەشدار بوونە لە تاوانە هاوچەشنکانی یەك شەمە رەشکە,چوارشەمەی 3-8-2016 , ئەم رۆتکردنەوەیە گەیشتە پەپەی خەی ,بووە بەشەك لە یاداوەری گەلەك , بووە دابڕان لە گەڵ مێژووی 1200 ساڵەی رابردوو و هەر 72 فەرمانکەی پەشو تر.

لە فتوکانی ئەحمەدی کوەی حەنبەل (780-855 م) ەوە , تا فتواکانی لەیسی سەرقەندی و مەسعودی و ئەبو سعودی عەمادی بەم هەموو پلەو پایە ئاینییەوە (“خگیب المفسرین” شیخ الإسلام, مفتی القسگنگینیە,) کە ئێزیدیەکانی بە لە کافر کافرتر ناو زەد کرد, فتوای کوشتنی پیاوان و بە کێنیزەك کردنی ژنانیانی دەردەکرد, هەموو ئەوانەی بە فتواو فەرمان بەشداری جینەسایدی ئێزیدیەکانیان لە مێژوودا کرد,جارێکی دیکە لەبەردەم ئاوێنەی تاوانکانی داعش خرانەوە ناو قەفەسی دادگای مێژوو, ئیتر لەڕوە عەمادی شێخ الئیسلامی ئومەیەك نیە لای ئەمە, بەڵکە فتوا دەری تاوانکی مێژوویی بەردەوامە بە زیاتر لە دوو سەدە , سەدان فەرمان لە بەر ڕەشنایی فتواکەیدا دەردە چێت و پەکهاتەیەك هەوێی سینەوەی دەدرێت ,ئەوەی ئێستا داعش دەیکات , عەمادی درێژ ماوەترین موفتی ئاستانە چوار سەدو نیو لەمەوپێش دەریکرد بەرامبەر بە ئێزیدیەکان.

قە کردنی ئێزیدیەکان لە ساڵی 224ی کۆچیەوە , لە سەردەمی خەلیفە موعتەسەمی عەباسیەوە دەستی پێکرد, وەلە فتوای ئەبو سعودی عەمادی لە ساڵی 1560 ڕەوایەتی ئاینی پە بەخشی و ڕەوایەتی دا بە قە کردنکە لە پێششی ئایندا, ئەم فتوایە بوە هۆێنی دێان فەرمانی مەرگ, چێترینیان فەرمانکانی قەکردنکانی سەدەی نزدە بوو , سەدەیکی پە نەهامەتی و کارەسات بوو بە ئێزیدیەکان , ئەم فەرمانانە تەنها خەلیفە و پاشا تورکەکان پەی هێنەستان ,لە ساڵانی 1832 و 1834 پاشای کەڕی ڕەواندز و فەرمانی بەدرخان بەگ لە ساڵی 1844 لە ناو فەرمانڕەوا زەبەنکاندان, بەیە لە بەر ڕەشنایی و ئاوێنەی تاوانکانی داعشدا, دەبێت بە پەگەی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵیانەدا بچینەوە و لە دادگای مێژوودا دادگایی بکرێنەوە,

راستە هەر مرۆڤێك لە مژووداو مرۆڤەكان بە شێوازێك دەیخوێننەوە .

بەیارەكی لێژیكیانە! ... وەرزەر كاكەیی

لە هەر ژینگەیەكی تەندروستدا باس لە ئەدەب و هونەر دەكرێت زۆرینە بەدەنگ دەبن و دەیانەوێت ڕێز بنوێن و لە هەمان كاتیشدا فێر ببن، چونكە ئەم دوو چەمكە لوتكەی مانای مرۆڤە.
(كاروان عومەر كاكەسوور) وەختێك دەنووسێت:
" دنیای كوردی؛ ئەدەب و هونەرێكی دەوڵەت و دەیانپارێزێت، هاوشانی سیاسەتێكی بن. بە مانایەكی تر: چارەی ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی ناوڵەت، بە شێوەیەك لە شێوەكان لە سیاسەتمدارەكانی جیاوازن. مرۆڤ لە دنیای (نووسین و بەاوكردنەوە)دا بڕ هەمان ئەو مەڵاڵە دەكەوێت، كە لە دنیای سیاسەتدا بڕی كەوتووە".
ئەم ڕاستیە ئاوێنەیەكی ئەو بەڕێزییە بڕبڕاوەیە كە بە هونەرمەندو ئەدیبی ڕاستقینەی كورد دەكرێت و بگرە هیچ قەوارەو مانایەكی مرۆڤبوونیان بە دانانرێت.

ئەوان لە شاخ هاتنەوە ئەزموونی شاخەوانی و خەتخەتن و باڵباڵن و موئامەرەو خەتمائیل و سیخوڕی و تەقریرنووسین و پۆلاماری یەكتردان و تەسفیەكردنی هەموو ناحەزەكانیان فڕێ خڵك كرد، نەك ژیانی مەدەنی و ئیدارەی سەركەوتو و پڕەدان بە زانست و زانین، مەزو عەرەبانەی خڵكیان دەشكاند تا بكار بن، گەمارۆی ئابووری و هەژاری و بێكاری گەنجانیان بە هەل قواستەوە تا (٥٠٠) دیناریان بدەنێ و بچن هاوتەوەكەی خۆیان پێ لەناوبەرن، لە پێناو بەرژەوەندی و قومارە ئیقلیمیەكانیاندا.. لە بەرامبەریشدا دەسزیی و ڕاستگۆی و نیشتمانپارێزی و دەستپاكی و وەفاو گیانی یارمەتی و ئینسانداستییان لە نەتەوە سەندەوە.. سەرئەنجام ئاوها مرۆڤی كوردیان گەندەڵ كرد، مرۆڤی كوردیان كردە ئامڕازێكی بە هێست و بەدەنگ لە بەرامبەر هەموو ناحەقیەكاندا، بگرە لەمەش ناقەڵاتر، كەینەی خامەی هەندێك لە ئەدیبان بوو و لەولاشەوە پڕاوڕزخستنی ئەوانی تر.. ئەوانەی بەم دوعایەی ملهوڕانەی كورداێتیان گوت

ئامین هەر ئەو نووسەرە بەرژەوەندیخوازانە بوون کە لە دامودەزگا چەواشەکارەکانی خەیاندا بە راست و چەپدا دەستیان دایە دزین و خەوەمەندکردن و بردوودان بە دیاردەی واستەکردن و ناپاکی نواندن بەرامبەر هاوەکانیان.. ئیتر شتێك نەمایەوە لای رەشنبیرو خوێنەرانی کورد جێی بایەخ و دەستخۆشی بێت، چونکە وشە لە هەموو شتێکی تر سوکتر کرا، زەر لە ئەدیبەکانیش مەرالی خەیان لەدەستداو یەکەم کەس دریان لەگەڵ کرد: خودی خەیان بوون..

لەناوهیچ نەتەوەیەکی تردا چەند دواکەوتووش بن ئەم دیاردەیە بوونی نییە، هەموو شتێك بکرێتە ملکەچی سیاسەتمەداران و هیچ بەهایەکیش بە وشە نەمێنێت، بەکو بە جۆرێك خەڵك گێژو بێئاگا بکرێت؛ ئەوەی لە بەرنامەی ژیانیاندا نەبێت خوێندنەوەو کتێب بێت، تەنانەت ئەوانەش دەخوێننەوە هەر دەزگاکانی دەسەڵات ئاراستەیان دەکات و کتێبیان بە چاپ و دەستنیشان دەکات تا بیخوێننەوە! بەڵێ هەر ئەوان بوون هەموو شتێکیان بەگەن کرد، بەنموونە ساڵانە بەناو فیستیڤاڵ سازدەکرێت کەچی پێش خوێندنەوەی بەرهەمەکان؛ خەڵاتەکەی دیاریکراوە بە کە دەبێت! یان دەزگایەکی چاپ بڵێت (سەدوبیست هەزار) کتێبمان بەخشی بە قوتابخانەو بەڵێوبەرایەتی وشوێنە جیاجیاکان کەچی لەولاوە دەگوترێت کەس پشتیوانی مادییان ناکات؟ نامەوێت نموونەی زیاتر بهێنمەوە، ئەوەندە بەسە بڵێم: خەزگە کاك کاروان بیری لەوە دەکردەوە بە زمانەکانی تر بنووسێت بە مرۆڤکانی تر، چونکە ئەوان زەر زیاتر ڕێز لە خەی و وشەکانی دەگرن، لای ئەوان مرۆڤ بەڕێزترە لە سەرجەم کەلوپەلەکانی تر بە ئایدەلۆژیاو پارشەوە، مرۆڤ بە هەموو بەرهەمە جیاجیاو کەم و زەرکانیەوە، ئەمە لە کەمە-گا یەکدا دەژین؛ نەك تەنها نووسین کەس ناچێکنێت، بگرە گیانی رق و دووبەرەکی و ئازاوەو ئازاردانمان تەدا چێنراوە، نەفرەتکردن لە هەموو داهێنان و جیانووسیەك، مرۆڤمان لا زەر بە بایەخکراوە، لەو ساتەوەی کەسایەتی ڕەشنبیرو بەخشەری وەك (عەلی بەسکانی) بە بە تاوان لە نەو بەردراو کەسەك نەیپرسی بە؟ ڕای گشتی دادگایی بکوژانیان نەکرد. ئیتر کوشتنەکانی دواتر بەس بوونە ژمارە.. بەڵێ لای ئەمە نووسین بە کوردی، نەفرەتکردنە لە خودی خێت. جێی خەی بوو بە بیرکردنەوە لەم دەستەواژەیەو بیاردان بەسەریدا، پێش هەموو شتێك هەر یەك لەئەمە رابمێنین و قوە لە هەکارە راستەقینەکانی بیر بکەینەوە.

تـرس لـه زۆـف و ئەگریجـه ... عەزیز ەئووف

ترس لە قژی مرۆڤ هیچ نیە جگە لە دەرکەوتنی ناشرینیەکانی ناخی نرۆڤینە. تۆ پێش ئەوەی بە کچ بڵێی قژت داپۆشە، چاوەکانی خۆت بگرە و واز لە بەرامبەر بنە. تۆ کە نەتوانی چاوی خۆت داپۆشی ئەوە چ موسوڵمانێکی. هەزگەڵك، ئاینك، ئینسانگەڵك ترسیان لە قژی ژن هەبێت خەڵك لە دید و تێواننیاندا هەیە سەبارەت بە جەستە کە هی کەسێکی ترە. هەرگیز ئەمە بەو مانایە نیە ئافرەت خاوەنی جەستەی خۆی بێت.

ترس لە قژی ژنان ترسێکی ئاینی نیە ئەوەندەی ترسێکی ئایدۆلۆژییە. هەزاران خانمی پەکەکە قژیان هۆنیوەتەوە و زۆف و ئەگریجە پەخش دەکەن و کەس شك نابەم لە عومریدا بە چاوێکی سێکسیەوە تەماشای ئافرەتێکی پەکەکەی کردبێ.
بۆ نمونە دەڵێی ژن با خۆی داپۆشێ، بڵچی، با لە چاوی پیاو بەدوور بێ، باش ئەی پیاو ئەوەندە لاوازە بەرگەی تاڵك قژی ئافرەت ناگرێ؟ ئەی پیاو بۆ چاوی داناپۆشێ؟ ئایا لەشتی ژن پۆوستی بە داپۆشینە یان چاوی نرۆڤینە؟ پێش ئەوەی لە حیجاب بدوێین پێویستە قسە لە دۆندەیی و چاوپیسی پیاوان بکەین.

ئایا مرۆڤینە دەتوانێت بە لەچکك کە بایی پێنج هەزارە شەرەف بکڕێتەوە ؟ بەم قسەیە بێت شەرەف زۆر هەرزانە هەموو مرۆڤینەیەك دەتوانێت بیکڕێت. یان ئایا دەتوانین بە حیجابێك بچینە بەهەشت؟ کەواتە بە پەرۆیەکی دەهەزار دیناری دەتوانین بەهەشت مسۆگەر بکەین. (نەوال سەعداوی جارێك وای وت).
لە هەر شوێنێك لەچك و پەڕۆ زۆر بێت ئەوەمانای ئەوە نیە شەرەف زۆرە، بەڵکو ئەوە مانای ئەوەیە نرۆڤینەی چاوپیس و خاڵی لە شەرەف زۆرە. چونکە خۆداپۆشین هیچ پەیوەندی بە جەستەی ژنەوە نیە ئەوەندەی پەیوەندی بە چاوی پیاوانەوە هەیە.
هەندێ جار حیجاب دەرکەوتەیەکی سیاسییە، لە دەوڵەتە ئیسلامیەکان فۆدانی حیجاب مانای ئازادیە، ئەوەمان لای ژنانی دەربازبووی دەستی داعش دەبینی. بەڵام لای ئەتاتورك و دەسەڵاتی تورکەکان کە حیجاب

قەدەغە بوو، پێشینی لەچك مانای ئازادی بوو،(ئەرهان پامێك لە ژیانی "بەفر" دا لەم بابەتە دەدوێ).

ئەوانەی سێ لە قژی ژن دەکەنەوە ناتوانن بتەکان بشکێنن. لات سەیر نەبێت هەمیشە هێزە ستەمکارەکان ترسیان لە مرۆڤی ئازادە و پشتیوانی ئەوانە دەکەن بێ نمونە لە قژ دەترسن." چی وادەکات هێزێك لە سەردەشت عوسمان بترسێ بەڕام کێمەکی عەبدوللەتیفی سەلەفی بکات"؟ چی وای کرد حوسنی موبارەکی سەرکی پێشووی مسر لە قژی سپی نەوال سەعداوی بترسێت بەڕام سەلەفیەکان لە وڵات تەراتێن بکەن؟ ئایا ئەوەی لە دەرکەوتنی قژی ژن بترسێت، دەتوانێت ڕیسکی سیاسی گەورە بکات؟ بە مانایەکی تر ئەوەی چاوی خێی بێ بینینی قژی ژن نەگرێت، دەتوانێت دەسکاری دنیای ناشرینی ئێمە بکات؟ بەگومانم…

مەدلیانی … نەژاد عزیز سورمێ

ڕووبارەکانی دێزەخ
لە ژووری گریانەوە دێن ..
شوێنەواری هیچ ڕێگایێ دیار نییە ؛
دارستان و بێندایی
پیلیان تێك هەڵکێشاوە .
تێ هەر بڕۆ و بڕۆرەوە !!
کەس بە نرخی باوەڕنیش ئاوێی لێ ناداتەوە .
کێ ماسی لە ناو ئاو دەکڕێ ؟
تێ هەر بڕۆ !!
(لیڤێنێ) نوقمی کۆرایی دەریا بووە
دانی لە دەمامکەکانت گێساندووە .

((ئای ئیتاڵیای خۆشەویستم !))
کەس نییە لە ڕەشە شەوی پاریس دا
چرایەکی بێ هەڵبکا..
(جین) یش جێگەی ڕووباری دێزەخە
لە ژووری گریانی دانتی دەکاتەوە ..
هاوارێکی بێ هودەیە ..

تەمەننای مەرگی دووەمە .

((ئای ئێتاڵیای خۆشەویست !))
مەرگ کەنارەکانیشی ڕەش کردەوە ..
باسکی مۆژوویان باداوە
کەس نییە سەرەداوەکان گرێ داتەوە
ئێتاڵیای خۆشەویستم !

شوباتی/ 1989

نـــــامێیی … فەرهـــــاد ئەحمەد بەرزنجی

چیرۆکی چاولێکنانی منداڵیم سەیرە!
لێبیرم دێ
ئەوکاتانەی کەمنداڵبووم..
چمکی فڕیانەکەی دایکم
توند دەگرت ویاریم دەکرد،
کەماندووش بووم..
لەفڕیانەخەم دەپڕچا،تادەخەوتم.
بەڵام کاتێ کەگەورەبووم..
هەمان خەیاڵ،
هەمان چیرۆکی منداڵی
فڕی کردم..
لێباوەشی نیشتماندا،ئارام بگرم..
لێلوتکەی چیادابمرم..